کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە

# تۆ قەت باسی وەفا مەکە

مستەفا چوارتایی
chuartaiy@gmail.com

باسی وەفا بۆ کێ دەکەی؟
کە وەفا خۆی
لە فەرهەنگی دڵدارانی ئەم ڕۆژەدا
جێگەی شیاوی نەماوە
وەفا هەروەک
شارێکی کۆنی وێرانەی ژێرئاوکەوتوو
شوێنەواری داپۆشرابێ
دیارنەماوە

گیانە وەفا
گفت و بەڵێنی هەتا سەر
ڕاستگۆییە و دڵسۆزییە
بیرکردنەوە لە یەکتر و
پێزانین و پیرۆزییە
جا کەی ئەم شتانە ماوون
وەک پووشی سووک
لە بۆشایی فراواندا مەلە دەکەن
بە دەم شەپۆلی هەواوە

گیانە ئەمرۆ ئەو ڕۆژەیە
کە هەموو شتێک بەدیبێنی
کۆشکی ڕازوە و ماڵی جوان
ئتۆمۆبیل، حسابی بانک
گەشت و گەڕان، سەفەر، سەیران
ئیدی ئەوانی دی پووچن
کەی گرنگن، ئەوین و وەفا و هەستی جوان
مرۆڤایەتی نایەوون
ئەی نابینی ئەم گەردوونە
بەدەست ئاشووب و شەڕەوە
شڵەقاوە

بەڵام گیانە چاک بزانە
ئەگەر دنیا هەمووی هەر بێوەفایی بێ
ژیان بۆ من
وەک دوورخراوەی ڕامیاری
لە دوورگەیەکی داخراوا
تەنیایی بێ
هێشتا وەفا بە سامانی ئەم جیهانە
ناگۆڕمەوە
تۆش ئەزانی خاوەن وەفا براوەیە و
هەر بێوەفایە دۆڕاوە

بڕۆ گیانە
تۆش تاماوی بێوەفابە
لە قووڵایی تام وچێژی ساتەوەختی
تێرکردنی جەستەتا بە
فریوبدە
نەیەک، نەدوان، دەیان، سەدان
وابزانە جیهان هەمووی
بە فێڵی تۆ خەڵەتاوە
دڵنیابە
ئەو ژیانەی کە تۆ دەژییت
فیردەوس نییە و
زەلکاوە

ئەڵمانیا 2007/10/4